سودانیەکان: عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکەی

محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکەی لە ڕێگەی دانوستانەوە، بەڵام وادەی کۆتایی دیارینەکراوە.

محەمەد شیاع سودانی لەو نوێترین چاوپێکەوتنیکدا ڕایگەیاند، عێراق خوازیاری دەرچونی خێرا و ڕێک و پێکی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە لە خاکەکەی لە ڕێگەی دانوستانەوە، بەڵام وادەی کۆتایی دیارینەکردوە بە کشانەوەی ئەو هێزانە.

سودانی بونی ئەو هێزانەی لەسەر خاکەکەی بەهەڵکارێك بە ناسەقامگیری لە ژێر ڕۆشنایی کاردانەوەی ناوچەیی شێوی غەززە وەسف کردوە.

سودانی لە چاوپێکەوتنەکەیدا باسی لەوەکردوە، پەویستە ئەم پێیوەندییە ڕکبخرێتەوە بە ئەوەی ئامانج و پاساوێک نەبێت بە هیچ لایەنێک، چ ناوخێیی بێت یان دەرەکی و عێراق نەکرێتە گۆڕەپانی

یەکلایی کردنەوەی ململانێکان.

لەبارەی چۆنێتی دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لەناو خاکی عێراق، سودانی دەڵێت، "دەرچونی ئێو هێزانە دەبێت لەڕێگەی دانوستانەوە بێت".

بانگەوازە درژخایەنەکانی گروپە چەکدارەکان کە زەربەیان شیعەن و زەربەکیان لە ئێرانەوە نزیکن بە رێیشتنی هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی لەناو خاکی عێراق بەردەوامی هەیە،
لەوەتەی شەڕی نێوانی ئیسرائیل و حەماس دەستپێکردوە ناوە ناوە هێرش دەکرێتە هێزەکانی هاوپەیمانی نەودەوەتی، لە وەڵامیشدا هێزەکانی ئەمریکا زنجیرەیەك هێرشی کردوەتە سەر گروپە چەکدارەکان لە عێراق و سوریا، کە هەندێکیان بەشێکن لە هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق.
ئەو هێرشانە کە لە وەڵامی دەیان هێرشی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و موشێکی بە سەر هێزەکانی ئەمریکا لە دوای دەستپێکردنی شەڕی ئیسرائیل بە سەر کەرتی غەززە، ترسی ئەوە دروستکرد کە عێراق جارێکی دیکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێیەکی ناوچەیی.